## زۆربەی هەرێمەکانی رۆژهەڵاتی کورستان وەک هاودەنگی لەگەڵ باشووری کوردستان و رەتکردنەوەی بڕیاری فەرمیی رێژیم، رۆژی پێنجشەممەیان کردە رۆژی جەژنی رەمەزان

بە پێی ئەو راپۆرتانەی لە هەرێمە جۆراوجۆرەکانی کوردستانەوە گەیشتوون، رێژیم لە رێگای ئیمام جومعەکان و دام و دەزگاکانی راگەیاندن و ناوەندەفەرمییەکانی دیکەوە، بە خەڵکیان راگەیاندبوو کە رۆژی هەینی 2005/11/4، دەبێتە یەکەم رۆژی جەژنی رەمەزان. بەڵام بە پێچەوانەی ئەو بڕیارەوە، رۆژی پێنجشەممە هاودەنگ لەگەڵ باشووری کوردستان کرایە جەژن و دووکان و بازاڕەکان داخران و تەنانەت دەسفرۆشەکانیش کەلووپەلەکانیان نەکردەوە. راوەستان بەرانبەر بەم بڕیارەی رێژیم بە جۆرێ بووە کە تەنانەت قوتابیان و خوێندکاران و مامۆستایان و مووچەخۆرانی دەوڵەتیش نەچوونەتە سەرکار. لە زۆربەی شارەکانی کوردستاندا، فەرماندارەکان و سەرۆکی بەڕێوەبەرایەتییەکان پەروەردە و بارهێنان، بۆ پێشگیری لە بڕیاری خەڵک و سەپاندنی بڕیای رێژیم، رۆژی پێنجشەممە لە حەولێکی بێئاکامدا بە نێو قوتابخانەکان و بەڕێوەبەرایەتییەکاندا گەڕاون.

بە پێی ئەو راپۆرتانەی گەیشتوونەتە یەکێتی شۆڕشگێرانی کوردستان، تەنیا ئیمام جومعەکان و ژمارەیەک دەست و پێوەندیی رێژیم، هاودەنگیان لەگەڵ خەڵک نەکردوە و فەرمانی سەرانی رێژیمی داگیرکەریان بەجێهێناوە.

ئەم بڕیارەی خەڵکی کورستان، لە نێوەرۆکی خۆیدا، بڕیارێکی سیاسی بوو بۆ ملنەدان بە ڕێژیم و نیشانەیەکی دیکەی کەلێنی نێوان داگیرکەر و رۆڵەکانی نەتەوەی کوردە.

**یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان**
**16/خەزڵوەری/2705**
**7/نۆڤمبەری/2005**

www.ruk2691.com
www.rukusa.com

Email: ruk2691@yahoo.com کوردستان (ناوەندی)

Email: ruk_usa@yahoo.com -TEL: 202-4923-235, 519-489-0162, 703-286-5389 ئەمریکا

Email: ruk.europa@betuwe.net - TEL: 0031263252693- Fax: 0031263252157 ئوروپا

HEWLER: TEL:2226682 - Mobil: 4480467

SILEMANI: TEL: 3189462 Mobil: 07702540203